# ئاڵای وشە

پشکۆنەجمەدین

بۆ مامۆستا و برا و باوکم... بۆ کاک عەینەدین!

لە سیاساڵ و بێبارانییا
تۆ چۆن بە رێژنە رژایتە
وەرزی پاییزی عومرم؟!.
لە شەوەزەنگی نەهامەتییا
گەورەم!، چۆن توانیت چراوگێ پێ کەیت،
بە تەیمانی تیشک رۆحم بتەنیت؟!.

تۆ لە تۆماری ئەندێشەی مندا،
پەیڤێکت نووسی، وەک ئاو بێگەرد و
وەک ئاگر پیرۆز!.
تۆ پێنووسێکت نایە نێو دەستم، فەرمووت بنووسە!:
((پەیڤم منداڵی ئاگرپارەیە، ماڵاماڵ لە تیشک،
لە ماڵی رستە و
لە کۆشکی زمان و
حەوشی رێزماندا حەجمانی نییە!.
پەیڤم پەیامی رۆحێکە سەرشێت،
رۆحێک خاوەنی خودی خۆیەتی و
لە ژاوەژاوی ئەم ژیانەدا،
ستران بۆ جوانیی خەونەکان دەچڕێ!)).
گەورەم!...
ئەمێستاش یەکەم پەیڤی تۆ،
لە دارستانی یادەوەریمدا، چلاوچڵ دەفڕێ!.

تۆ بوویت ئاگری ئەشقی نووسینت بەردایە دەشتی بەرینی گیانم
پەیڤی هەقبێژی و ملکەچنەکردن، تۆ تۆوت کردنە سەر مێرگی زمانم!.
گەورەم!...
بەڵێن بێ رەنگینەئاڵای شۆڕشی وشە،
لەسەر مەزارت بەرز بشەکێنم.
تۆ ئارام بنوو!، ئەی رۆحی ماندوو!،
ئەگەر "مان" مانای بۆ مانم مابێ،

بەڵێن بێ منیش وەک تۆ بمێنم!.

1مای 2005